# پێنج بزماری مەبدەئی

خالید مەجید فەرەج

## بزماری یەکەم.....

کابرا ئەوەندە مەبدەئی بوو ،ناخۆشی کردبوو، هەروەکو کۆنگرەی سێ ((نا)) کە ، کەکاتی خۆی لە خەرتوومی سودان دوای سەردانەکەی سادات بۆ تەل ئەبیب بۆ سەرکۆنە وموقاتەعەی ئەو کابرایە بەفیتی بەعسیەکان بەسترا ، ئەم کابرایەی لای خۆشمان وەکو ئەوان سەری زمان و بنی زمانی نا بۆ دەنگ دان بۆ پەرلەمانی عیراقی ،نا بۆ فیدرالی ،نا بۆ چوون بۆ بەغدا ، بەڵێ و هەزار بەڵێ بۆ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی ،و تف و نەعلەت لەو خاینانەی کە ئەچنە بەر سندوقەکانی دەنگدان ،و پەنجەیان بە مەرکەبی خەیانەت شین ئەکەن. ئەمان گووت باشە کاکی برا تێگەیشتین ،نەختێک لەسەر خۆ هاوار بکە کەرپووین ،نەخێر فایدەی نەبوو ،نازانم چ عەبقەریەک پێش دەنگدانەکە بە دووڕۆژ، قاوی ئەگەرەکونێ چوونەوە کوردستان ،لەوێندەرێ دەسەڵات داریی کورد داوای پسولەی دەنگ دانەکەتان لێ ئەکەن ،وئەوی لەبەرکی نەبێ، مەنفەعەتەکانی لۆرایی ناکرێ داخست بوو؟و بەرگوێی کابرای مەبدەئی کەوتبوو یەکسەر بۆ ئێوارێ هاتەوە سەر سەکۆی ئازادیی و ئازایی ،و فەرمووی بەرێزان ئەوە من دووشەوە هەر بیرئەکەمەوەو ئەی هێنم و ئەی بەم،وئەڵێم ئایا من راستم یان ئێوە ؟ ئەو نیوەرۆیەی لێم مەعلوم بوو، کە من هەڵەم ،و گەیشتمە ئەو راستیەی کە ئەڵێ: دەنگ دان نەک هەرباشە، بەڵکو ئەرکێکی پیرۆزی سەرشانیشمانە ،ئەوەشی دواکەوێ لێی، نەک هەرخۆی خزمانیشی خائین و حەرام زادەن، بۆیە قەرارم دا، منیش بەیانی لەگەڵ مەلابانگدانا بچم خۆم ناو نووس بکەم ،و دواتریش دەنگی خۆم بدەم بە قایمەی کوردوستانی رۆحم بێ بە قوربانی! بەڵام ئەوەی کە باسی نەکرد، ئەوەبوو ئەگەر کار هاتە سەر ئەوەی سەرپشکت کەن ،لەمابەینی مەنافیعی شەخسی و ئوموری مەبدەئیدا ،کامیان دەکەی ؟ وابزانم بەگوێی ئەم پەندەی کردووە کە زۆر پێشینیان نیە ،کە دەڵێ (مەنفەعەتەکەی بگرن پێشان ،مەبدەئەکە پاشی وی خۆ راناکا ) .

## بزماری دووەم...

ساڵی 1988 نەجیب مەحفوزی رۆمانووسی میسری بەناوبانگ کە تائێستا 49 رۆمان و چیرۆکی هەیە لەوانە(خان ئەلخەلیلی،و زقاق ئەلمەدەق، و ئەلسوکەریە. و حی ئەلجمالیە،و قەسر ئەلشوق، وبەینە ئەلقەسرەین وهتد)، سولاسیەکەی( سیانیەکەی) بەشاکاری رۆمانی عەرەبی دادەنرێ، کە تیایاندا باس لە سێ نەوە ئەکات، پێش شۆرش و ،سەردەمی شۆرش و دوای شۆرش، و توانیویەتی بە رۆمانەکانی گەرەک و کۆڵانەکانی میسر وەکو خۆی پیشانی غەیری عەرەبیش بدات، لەوانە ئێمەی خوێنەرو نووسەری کورد، زۆربەی ئیشەکانیشی کراونەتە فلیمی سینەمایی و زنجیرەی تەلەفیزیۆنی سەرکەوتوو . ئەو رۆژەی کە خەڵاتی نۆبێلیان ئیعلان کردو،و ناوی نەجیبی تیابوو، بەندە پێی وابوو، ئەوتەکریمە بۆ ئەو نیە، بەڵکو بۆ بەشداری میسرە لە پرۆژەی ئاشتی لەگەڵ جولەکە،و چونیانە بۆ کەمپی دیڤید ،من وام دەزانی کە ئەو رێزلێنانە زیاتر پاڵنەری

سیاسی بەدواوەیە، لەوەی کە تەقدیرێک بێ بۆ مەزنی ئەو نووسەرە ، چوونکە داهێنەری تر زۆرهەبوون کە لەپێش ئەوەوە ناویان بۆ ئەوخەڵاتە جیهانیە لەلایەن ناوەندە ئەدەبیەکانەوە قەبڵێنرابوو ،هەرلەبەر ئەوە وام دەزانی ئەوکابرایەش وەکو ئێمەی کوردی دۆنەدیو پێیەکی لی ئەکا بەهەزارو چنگ لەسەرشان بەرەو شوێنی وەرگرتنی خەڵاتەکەی بەڕێ ئەکەوێ و کارو کاسپیشی ئەبێ بە باسکردنی ئە ڕێزلێنانەی،ولە هەموو موقابەلەیەکیشیا پێدائەگرێ کە ئەبێ وێنەکەی لەتەنیشت خەڵاتەکەیەوە بڵاو بکرێتەوەو وەکو کابرای لای خۆشمان کچە سویدیەکی رۆژنامەکەی گەرەکەکەی خۆشیان هان ئەدا چاوپێکەوتنێکی بە موتەرجمێکی مەزبووتەوە لەگەڵ بکا و پێمانبڵێ خەڵاتەکەم لە سەحافەی سویدیشدا دەگی داوەتەوە. شایەنی ووتنە وەکو من تەوەقوعم ئەکرد وانەبوو مەحفوز نەچوو بۆ مەراسیمی وەرگرتنی نۆبڵەکەی، بەڵکو بۆیان نارد بۆماڵەوەو نەشم بینیوە رۆژێک باسی بکات، بەڵانەکی کابرای لای خۆمان ، هەرچەندە ئێمەی عەوام نازانین لەسەر کام داهێنانەی خەڵات کراوە ، چوونکە شاکارەکانی ئەو نەرۆمانە و نەشیعرە، ونە مەسائیلە فیکری و مەعریفیەکان و ،نەلێکۆڵینەوە ئەدەبی و مێژوویی و سیاسیەکانە ، نە بەشداریکرد نیشە لە کارە مرۆییەکاندا، نە کوژاندنەوەی ئاگری شەری ناو خۆیە ،تاوەکو ئێمەی بەغیل کاتی وەرگرتنی چاومان عەردی نەبینێ وسەرمان بەرتەبەقە شوشەی دوکانی سەعات فرۆشەکە کەوێ، و خوای داهێنەر وەکو خەڵاتیشمان نەدراوەتێ ئەویشمان پێببڕێرن.بەڵام ئەوە ئەزانین کە رۆژی وەرگرتنی خەڵاتەکە ، خۆی لەوێ حازر بوو پێنج جار حەمامی کردووەو سەروخوار ریشی تاشیووە، قات وریباتەکەشی سەد جار خستۆتە سەر یەک بزانێ داخۆ لەگەڵ یەک رێک ئەکەون، ئەوەش سەیرو سەمەرەنیە،چوونکە لای ئێمە پیاو کەخەڵات کرا، ئەبێ بە کامیلی قیافەوە لە ئاهەنگەی ڕێزلێنانەکە حازربێت، بەڵام سەیر ئەوەیە، لەگەڵ هەرنووسینێکیدا لەژێرەوە وەبیری خوێنەر بهێنێتەوە، کە ئاگاداربن خۆتان لایەن ئەم نووسەرە خەڵاتی ئاراسی وەرگرتووە، و نووسینەکانی گاڵتە نیە ،کە خوێنتانەوە جوان دانی پێبنێن ،ووشەکانی لە برنجی سەیری زیاتر خۆیان کێشاوەتەوە، ووریابن لەگەڵ نووسینەکانی ئەو نووسەرانەی کە ئەوخەڵاتەیان وەرنەگرتووە تێکەڵیان نەکەن لە هەمووی خۆشتر وەرگری خەڵات کاتێک کە خالید قەشتینی عەرەب ووتارێکی رەگەز پەرستانەی لەسەر زمانی کوردی لە رۆژنامەی ئەلشەرق ئەل ئەوسەتا نووسی ئەم بەرێزە چوو بەکوردی لە سایتی کوردستان نێتا وەڵامی دایەوە !! بەشانازیشەوە باسی خەڵاتێکی تر لە سوید ئەکا ،کە بە قیمەتەکەی ڤالڤۆیەکی ئاخر تیرازی هاویشتۆتە ژێر خۆی ، تەنها بۆ زانین، نووسەرە جیهانیەکان، زۆربەیان مەبلەغی پارەی خەڵاتەکەیان ئەبەخشن بەو شوێنانەی کەلە هەوڵی پێش خستن و چاککردنی بارە مرۆیی و کلتوریەکانی جیهانی سێهەمدان ، ئایا کابرای وەرگری خەڵاتی ئاراس و سوید کە بێگومان پارەشی لەگەڵدابووە ئەوەش شتێکی باشە ، توانی لە فلسێکی ئەو خەڵاتانە خۆش بێت و وەکو (( نووسەرێکی داهێنەرو موستەحەقی ڕێزلێنان))، بەشداریەکی رەمزی ، لە کردنەوەی پرۆژەیەکی رۆشنبیری ، لە هەرشوێنێکی کوردستان کە خۆی پێی خۆش بێت پێبکات ؟ بۆ ئەوخەڵکەی هەروەکو خۆی ئەفەرموێ ،سەرەڕای کۆستی گەورەیەیان بەدەست داگیرکەری بەعسەوە گیرۆدەی دەستی دەسەڵات داری قەل خۆر و مریشک خۆری کوردی بوون! ئەوجا ئێمەش دەمانگووت ئەشهەدو مابیلا ئەو تەکریمە هەر لە خۆی دێ تۆبزانە چەند راستگۆیە.یان ئەمانیش ئەڵێن کورە

خەڵات نیە نا یارمەتیەو بەهەزار ناڵی عەلی و فرت و فێڵ بەناوی کوردەوە وەرمان گرتووە وەڵڵا چاوتان بە فلسێکی ناکەوێ کێ ئازا بێ بچێ بۆخۆی بهێنێ ئەو سویدیانە هەرئەوەندە نەختێک فرمێسکت لەبەرچاو هەڵرشتن دەست بەرووتەوە نانێن زۆر بەرەحمن.

## بزماری سێهەم....

ئەوا ئەدیبی هەڵکەوتوو وشاعیرو رۆشەن فیکری گەلەستەمدیدەکەشمان ، شوکور بۆ خوا خەڵاتی خۆی ، بەکوێرایی چاوی ئەوانەی پێیان ناخۆشە و دڵیان خەریکە ئەبێ بە دوولەتەوە لە سوید درایە، ئامین یارەببی هەزار خەڵاتی تری لەوە باشتری بە دوا بێت، و کێش پێی ناخۆشە بالەو خەرەندەی لای ئەو رواندزەی خۆی بەرداتەوە، بەشکم نەجاتمان بێ لەو حەسودانەی کە هیچیان لەبارا نیە،و هەرخەریکی زەوت کرنی خەندەی سەر لێوی خەڵات کراوانن. ئەم پێشەکیەم بۆیە وا رست چونکە خوا شاهیدە کە چەند دڵم خۆش ئەبێ کاتێ ئەبینم کە کوردێک خەڵات ئەکرێت و وائەزانم خۆم وەرم گرتووە. بەڵام بەرێزان ئەگەر بە تەزبیحەکەی دەستان ئەو کوردانە ببژێرن، کە تا ئێستا لەسوید خەڵات کراون نابینن  کەوا میللەتی کورد ، لە پلەی یەکەم دایە لەرووی خەڵات کردنەوە؟ بۆنمونە تورک و فارس و عەرەب من بزانم تا ئێستا سەرو ئەدیبیان لێ خەڵات کراوە بەڵام ماشەڵڵا ئەوە تا ئێستاو بە قەولی ئەدیبانمان خۆیان نزیکەی شەشیان خەڵاتیان وەرگرتووە و رەنگە شەشی تریش بەرێوە بێ ئەوەی جێگەی پرسیارە ئەو خەڵاتانە بۆهەر لە سوید ئەدرێن؟ ئایا لەووڵاتانی تر نووسەرو ئەدیبی لێ نیە؟ یان هەموو داهێنەرەکان عەیب نەبێ وبۆنەگبەتی ئەو ووڵاتە لە سوید خڕبوونەتەوە؟رەنگە سوید نەیەوێ دڵی کەس لەخۆی برەنجێنێ بەتایبەتی ئازیزان وخۆشەویستان نوسەران و شوعەرای کورد خۆ ئەگەر گۆرانی شاعیر تائێستا زیندو بوایە لەبەر ئەم خەڵات کراوانە بەشی ئەو نە ئەما  پێیان ئەوت دەبڕۆ خاڵە برۆ خەڵاتی چی هەموو میللەتێک ،یەک یان ئەو پەری دوو داهێنەریان تێا هەڵکەوتووە،و خەڵات کراون خوانەیبڕێ میللەتەکەی تۆ شەشیان وەریان گرتووە بەس نیە ؟

## بزماری چوارهەم......

کابرای گۆرانی بێژ بە تەسەروفاتیا دیاربوو، کە نەسەوادی هەیەو نە ماقوڵیەت، و سەرەرای ئەوەش (مین ئەنکەر ئەلئەسواتیشە)، کەچی دوای دوو گۆرانی  فاشیل، لەیەکێک لە تیڤیەکوردیەکانەوە، پێشوازیەکی وای لێکرا، ئەگەر حەسەن زیرەک زیندوو ببوایەتەوە ئاوا بە پیریەوە نەئەچوون ،تۆ بڵێی ئەو تەلەفیزۆنانەی ئێمە بە نەوتی رەش ئیشبکەن ؟ بۆیە سەر پەرشتیارانیان گوێ بە سەرف کردنی کارەباو کامیرا و ساردی وگەرمی نادەن! وحەلاش بەلاش لە عەینەمەلەیکی ئاوادا سەرفی ئەکەن، و سەعاتێک زیاتر لەکاتی ئەو هەموو هەڵڵاو برۆیەی هەڵبژاردن، و چارەنووسی هەشتا ساڵ خۆ بەخت کردنی ئەو میللەتە، و دەستوری ئایندەی عیراق کە تیادا، یان ئەوتا ئەبین یان نابین، بە قسە هەلەق ومەلەقەکانی  گۆرانی بێژێک کەلە حەمامەکەی ماڵی خۆشیانا دەنگی خۆش نیە بەوشێوەیە فیرۆ ئەیەن. بەراستی زۆرجار بیرئەکەمەوە ئەڵێم قەرزێک بکەم ،و یەکێک لەو مۆسیقارە خۆشەویستانە تەکلیف بکەم، کە بەرەش لەحن دائەنێن ،و گۆرانیەکەت بەسازو سەمتوری(سەنتور) خۆیانەوە بە حەفسەد سەد

هەشسەد یۆرۆ، بۆ تۆمار ئەکەن، و بیشیکەمە کلیپێک ،لە وکلیپانەی کە کچە شازدە ساڵە باڵابەرزو نێوقەدباریکەکە شێتیم بووەو من ئەوم ناوێ!باشتر نیە لەوەی کەخۆت بکەیتە نووسەرو هەزارو یەک جار کەلیمەیەک بێنی و ببەی، تاوەکو دۆزی ئەوگەلەی کە ئەڵێن ستەم دیدیە، بگەیێنی و دواتریش کەرۆشتیتەوە کەس نەت ناسێ بەتایبەتی ئەگەر کەرامەتت قبوڵی نەکرد، لەدەرگای هیچ مەسئولیک دا بۆ پێنج دەقەش بێت چاوەڕوان بیت، هەرچەندە داواکەشت ڕەوا بێت، و مەسئولەکەش کەسێکی بە هەق شۆرش گێر بوبێت.

## بزماری پێنجهەم......

بەرێزان لایەنە سیاسیە فەعال و جەماوەریەکانی کوردستان، دەبێ ئەوە بزانن کە ئێمەی ئەهلی کوردستان، بە خوێنەوارو نەخوێنەوارمانەوە، بە رۆشنبیرە نارۆشنبیرمانەوە ،کاتێ کەچووینە بەر سندووقەکانی دەنگ دان ، بۆ ئەوە چووین کە ئیدارەیەکی یەکگرتوو، بە حکومەتێکی تازەی تەکنۆکرات ،و خەبات گێرو دەست پاکەوە، بێتە سەر سەحنەی سیاسی و ئیداری هەرێمەکەمان ،و هەموو هەوڵێکیشی بۆ ئەوەبێت ،کە ئاسایش و گوزەرانی ئەوخەڵکە، لە پێشەوەی ئەولەویەتەکانی بێت ،وبودجەی هەرێم ،ساڵانە وەجهی سەرف کردنی وچەندی ماوە لەناو قاسەکە بەڕاپۆرتێکی جوان و شەفاف و تەنک وەک پەری مێشێ بۆ جەماوەری کوردستان ساڵانە رابگەیێنێ ،و دەستی دزو موقەسرینیش لەکار بکشێنێتەوەو بۆ بەردەمی جەنابی قازیش کێشیان بکا و هەڵبژاردنی وەزیرەکانیش لە سەر ئەو بنەمایە بێت ،کە چەند بە فیعلی خەباتیان بۆ خەڵکی کوردستان کردووە، کەلەم لاو لەولا ئەبیستین ،یەکێک ئەڵێ گوایە پۆستێکم دراوەیەتێ و لە (جێمایە)واتە گیرفان ،ئەوە نەک هەر نیگەرانمان ئەکات ، بەڵکو هەزارو یەک پرسیاری مەشروعمان لا دروست ئەکا ،ئایا ئەو مەقایسانە چین کە رەچاو ئەکرێن، بۆ ناوزەنەکردنی هەر کەسێک کە جانتای وەزارەتێکی پێ ئەبەخشن؟ 1ـ ئایا ئەوکەسە دانیشتووی کوردستانە و رۆژێک لەرۆژانیش لەژێر هەربارو زوروفێک دابێت وولاتەکەی بە جێهێشتووە بەتایبەتی پاش راپەرین؟.2ـ ئایا جگە لەوەی کەسێکی شۆرشگێرە پسپۆریشی لەو بۆارەدا هەیە کە ئەبێ بە بەرزترین فەرمانبەر تیایا واتا (وەزریر) 3ـ ئایا ئەگەر کوردی تاراوگە یە پسپۆریەکەی ئەوەندە ناوازەیە کە لە کوردستان بەدیلی نەبێ وئایا کەسێکی وانیە لە دانیشتوانی کوردستان ،بتوانێ ئەو پۆستە پربکاتەوە تاوەکو ناچار بن لە خاریجەوە ئیستیرادی بکەن ،لەکاتێکدا ئەو جۆرە کەسانە حەزەری ئەوەیان لێ ئەکرێت لەبەر ئەوەی کە هاو ولاتی وولاتێکی تریشن ئەگەر خوانەخواستە لێمان قەومایەوە تێ بقوچێنن و برۆنەوە بۆ وولاتی دووەمیان؟ 4ـ ئایا حەزی شەخسی لە مەنسەب و پاسەوان و قاپیەوان و ناوهێنان و موقابەلە بە سەبەب و بێ سەبەب نیە و مەبەستی تەنها خزمەت کردنە یان سوود وەرگرتنە لەومەنسەبە؟ 5ــ ئایا ناوی ئەو کەسانە پێش تەشکیل کردنی کابینە یەکگرتووەکە بۆ جەماوەر ڕائەگەیێنرێ؟ یان جەماوەر هەرئەوەند ئازیزە تاوەکوکارتەکەی ئەخاتە سندوقی حیزبە دڵرفێنەکەویەوە؟ باوەر بکەن ئەگەر ببێتە بەخشینی وەزارەت بەوەی واستەی لەوانی تر زیاترکردووە، و ماستاوەیکەی لەهی خەڵکی تر کوڵکن ترە،و بە سوێندی درۆ بەگۆری شەهیدان و باڵای کوردستان و سەری سەرکردەکان خۆی کردۆتە شەریفی

ناو شەریفان  تەئکید بن بۆ هەڵبژاردنی ئاینده ،گەر هەرچی کلتوری شۆرشگێرانەی جوانمان هەیه کاتی پرۆپاگاندەی هەڵبژاردنەکان بیهێننەوه بەر چاووگوێ و یاد، لێتان مەعێن بێ تەڵێک له هەستی حیزبایەتی و کوردایەتی ئەوخەڵکەی بەرەبەیان ئەچوونه بەرسندوقەکانی دەنگ دان جارێکی تر نابزوێنێتەوه .  ئەوکاته ئەوخەڵکەش  کوردایەتی وەکو هەموو بزنسەکانی تر سەیرئەکا      خۆی تێ ناهاوێ تانەزانێ چەندی قازانجەو چەندی زەرەره.